# «ئەبوبەکر حەسەن»، مەرگێک لەناو بۆشاییدا



**(گفتوگۆ لەگەڵ وەلید عومەر)**

**پرسین و ورووژاندنی: ڕوشدی جەعفەر**

## **پرسیار**: «یەکەم سات»ی هەواڵی مەرگ، چ جۆرە ساتێکە؟

**و.ع:** ئەو ساتە، بۆ ماوەیەکی کورت کۆمەڵێک شت دادەڕووخێت. کۆمەڵێک شتی کەڵەکەبوو، لە بیرەوەرییەوە بۆ هاوشوناسی و چەندین هەستی شاراوەی تر هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ساتی نکۆڵی و باوەڕنەکردنە. مرۆڤ بۆ چەند چرکەیەک بەرهەڵستی بەڕووی هەواڵەکەدا دەنوێنێت(جار هەیە ئەم نکۆڵییە ساڵان دەخایەنێت و مرۆڤ بڕوا بە مەرگی کەسێک ناهێنێت). ساتی هەواڵەکە، هەروا بەسادەیی ساتی دیارنەمان و غیابی کەسەکە نیە، بەڵکو ساتی دەرکەوتن و ئامادەییشە. لە ژیاندا کەسەکە، بەقەد ئەو ساتی مەرگە، حزووری نەبووە. لەو ساتەدا کەسەکە بە ئامادەییەکی گوژمدار و بەهێزەوە خۆیت پیا دەکێشێت و دوای ئەو پیاکێشانە وندەبێت. بۆیە ساتی مەرگ، ساتی ونبوونێکی سادە نیە، بەڵکو ساتی حزوورێکی چڕوپڕ بەڵام ڕاگوزەریشە. وەک ئەوە وایە، دەمارێک لە ژیانت دەربێنن و دەرهێنانەکەش سەرەتا ئامادەیی خۆی دەردەخات، بوونی زەقی خۆی دەسەلمێنێت و پاشان وندەبێت. کەسێک چەندە دوور بێت لە ئێمەوە، هێشتا ڕۆڵێکی لە ژیانماندا هەر هەبووە. بۆیە ساتی هەواڵی مەرگ، ساتی کۆتاییهاتنی ڕۆڵی ئەو کەسەشە. لە ژیانی زۆرێکدا، ئەو ڕۆڵە بە باری پێچەوانەدا دەستپێدەکات(بۆنمونە مەرگی منداڵ لە ژیانی دایکدا، ڕۆڵێکی نێگەتیڤ و پێچەوانە دەگێڕێتەوە). ساتی هەواڵدانەکە، ساتی شپرزەییشە. چونکە ئەو نەزمەی پێوەی ڕاهاتووین، بۆ ساتێک تێکدەچێت. ڕیزبەندیی شتە چەپێنراوەکان و پۆلێنە

دەقگرتووەکان بۆ ماوەیەکی کورت دەشڵەژێت. مرۆڤ بەپێچەوانەی گیانلەبەرانی ترەوە، ژیانی جگە لەم ڕیزبەندییە هیچی تر نیە کە ماوەماوە بەهۆی ڕووداوێک/مەرگی کەسێکەوە تێکدەچێت. مرۆڤ، حەیوانێکە ناچارە ڕیزبەندییەک تا کۆتایی ژیانی هەڵبگرێت. کاتێک کەسێک دەمرێت، ئەم ڕیزبەندییە بە ڕێژەیەک دەژاکێت و کەمێکی دەوێت بۆشایی کەسە مردووەکە پڕبکرێتەوە. گەر ئەویتر بمرێت، ڕیزبەندییەکە دەچێتەوە جێی خۆی، گەر خۆیشی بمرێت ئەوا کۆی ڕیزبەندییەکە بە کەسەکە خۆیەوە لەناودەچێت. کۆمەڵگا، بە حوکمی ئەوەی ماشێنێکی خۆبەخۆ و خۆڕسکە، کەمێک دواتر شتەکان ڕێکدەخاتەوە(گەرچی لەسەر ئاستی تاکەکەس، شوێنەواری مەرگ لەسەر دەروونی یەکەیەکەی مرۆڤەکان جیاوازە). گەر بەشێوەیەکی دیالەکتیکییش ڕامێنین، «هەواڵی مەرگ» **بە هیچ شێوەیەک گەیاندنی هەواڵێک نیە،** بەڵکو ساتی پەککەوتنی هەواڵە. ساتی پلەی سفری هەواڵە. هیچ هەواڵێکی بەردەست و دەستەمۆ ناگاتە ئێمە مامەڵەی پێوە بکەین، ئەوەی هەیە مەرگێکە و لە باشترین ئەگەردا لە جەستەی مردووەکە زیاترمان بەدەستەوە نامێنێت(شتی مردووش، بەپێی مادەیەکی ناو پێشەکیی *فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحی* هیگڵ زۆرترین هێزی دەوێت بۆ ئەوەی بیگریت). شۆکی مەرگ، ناهێڵێت هەروا ئاسان لە ئاستی شەخسیدا مردن ببێتە هەواڵێک. ئەوەی دواتر لە میدیاوە وەک هەواڵ بۆ "بێگانەکان" دەخوێنرێتەوە، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ساتی یەکەمی مەرگەکەوە نامێنێت. لە کەلتوری ئێمەدا و بەتایبەت لە پێشوودا، ڕاستەوخۆ هەواڵی

مەرگ نەدەگەیەنرایە کەسی مردووەکە، بەڵکو هێورتر هەواڵەکەی دەدرایە کە فلان کەس نەخۆشە یان شوێنێکی شکاوە(چونکە دەیانزانی هەواڵی مەرگ، لە هەواڵێکی ئاسایی زیاترە). سەرەنجام، ئاستی هۆشیاری، بڕێک ڕۆڵی هەیە لەوەی ساتی هەواڵەکە چی جێدەهێڵێت. بەپێی خەیاڵی زۆرینەی مرۆڤەکان، بە باوەڕدار و بێباوەڕیشەوە، مردووەکان دەچن بۆ شوێنێک. لە فەنتازیایاندا، جێیەک هەیە بۆ مردووەکان. بەڵام بۆ کەسێک کە ئەو شوێنناسی و خەیاڵە باوەی لا هەڵوەشابێتەوە، دۆخەکە ئاڵۆزترە: چی دەبێت لەسەر ئەوە ڕابێین کە مردووەکان ناچن بۆ هیچکوێ؟ تاکە شوێنی ئەوان، ناو بیرەوەرییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەیە و هیچی تر. نوسەر بۆ ئەبەد لەناو بیرەوەریدا دەمێنێتەوە، هەمووکات داوەری دەکرێت، ئەو پێشوەخت لەناو ئەبەدییەتدایە چونکە بۆ ئەبەد لەناو داوەریدا دەمێنێتەوە. هەر لە مەرگدا قەوارەی فیزیکیی مرۆڤەکان لە «ناو»ـەکەیان جیادەبێتەوە، بەڵام جگە لە سرووشت ناچێت بۆ هیچکوێ. دەبێتەوە بە بەشێک لەو سرووشتە دڕ و کرچەی کە لێوەی هاتووین. مرۆڤ بەرهەمی سرووشت و پاشان کەلتورە. سرووشت، لەشێکی مادییمان پێ دەبەخشێت و کەلتوریش ناوێک. لە ساتی مەرگدا، ئەم دووانە لێک جیادەبنەوە. هەردوو بەشە قەرزەکە دەبرێتەوە. سرووشت بەشە فیزیکییەکە دەباتەوە و کەلتوریش ئەو ناوەت لێ دەسێنێتەوە کە بە قەرز پێی دابوویت. ژیانی مرۆڤ لەکۆتاییدا جگە لە قەرزێکی دووسەرە زیاتر هیچی تر نیە. بۆیە مەرگ ساتی جیابوونەوەی لەش نیە لە ڕۆح، بەڵکو ساتی جیابوونەوەی

«ناو»ـە لە لەش. ساتی هەواڵی مەرگ، بۆ من ساتێکی عاسی و ساردە کە ڕەنگە تاکە سوکنایی ئەوە بێت ئۆنتۆلۆژییانە(بوونناسییانە) بیری لێ بکەینەوە: مرۆڤ لە شوێندا ناژی، مرۆڤ هێند هەژار نیە لە شوێندا بژی و لەوێشدا کۆتایی بێت، ئەو بەشێوەیەکی بێهودە و نادینی لە جیهاندا دەژی. هەرکەس کەمەکێک شارەزای فیکری هایدگەر بێت، دەزانێت جیهان دەوڵەمەندترە لە شوێن. گەر حەیوان لە شوێندا بژی، ئەوا مرۆڤ لە جیهاندا دەژی و ئاگایی بەم جیهانە هەیە- هەر لەبەر ئەمەش حەیوان نامرێت، ئەوە مرۆڤ یان دازاینە دەمرێت و توانای مردنی هەیە. سەرەنجامیش، بۆیە بەرگەی هەواڵی مردنی یەکتر دەگرین، چونکە سەرباری نکۆڵییەکانمان لە مەرگ، دەزانین ئێمەش دەمرین.

**پرسیار: نزیکایەتیی خۆت لەگەڵ "ئەبوبەکر حەسەن"دا چۆن بوو؟**

**و.ع:** لەڕاستییدا پێم خۆش نیە مەرگ بگۆڕمە سەر بابەتی سەرگەرمی و گێڕانەوە. بەتایبەت مەرگی خوێنەوارێک کە دەتوانین بیکەینە بیانوو بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵێک کێشەی ڕۆشنبیری و تیۆری و هتد. بەڵام وێڕای ئەمەش، ناتوانین بەئاسانی بە لای بیرەوەرییەکان و ساتەکانی یەکناسیندا تێپەڕین. هۆیەکەش ڕوونە: ئەوەی لە مەرگی کەسێکدا کارمان لێ دەکات، هەتا گەر نوسەرێکی غەریبیش بێت و لە ئاستی کەسیدا نەیناسین، ئەوا هەر بیرەوەرییە لەگەڵ نوسینەکانیدا کە

دەمانجوولێنێت. هاوکات پێویستە ئەوەش بڵێین کە چۆن قسەکردن لەسەر کەسی زیندوو بەشی خۆی هەستیارە، قسەکردن لەسەر مردووانیش هەر هەستیارە- مردووەکانیش، بە مانا بنیامینییەکەی، بەدەست نادادپەروەرییەوە ئازاردەچێژن(چونکە ئێمەش سبەی دەبینەوە بە یەکێک لە مردووەکان و مردوویەکی پێشوەختەین).

بەهەرحاڵ...ئەبوبەکر حەسەن(کە ئێمە هەر پێماندەوت «بەکر»)، بۆ من برا و هاوڕێ بوو. وەک ناو بەر لەوەش کەمێک دەمناسی، بەڵام وەک ناسینی شەخسی، پاش هاتنەوەی لە ئەورووپا تێکەڵ بووین(کۆتاییەکانی ٢٠١٠). دوو تا سێ ساڵ پاش گەڕانەوەی لە ئەورووپا، بەردەوام پێکەوە بووین. ئەوکات کۆتاییەکانی زانکۆم بوو لە هەولێر. شەوێک کتوپڕ هاوڕێیەکمان لە کەلارەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی خاڵم حەزدەکات قسەت لەگەڵ بکات و بشتبینێت. تا ئەوکات نەمزانیبوو، بەکر خاڵی ئەو برادەرەیە. بە تەلەفۆن کەمێک قسەمانکرد و پاش ماوەیەک کە گەڕامەوە، بینیم. وەک فۆرم و ناوەڕۆکیش، تێکەڵەیەک بوو کەیفم پێی دەهات. قەمسەڵەیەکی خانەخانەی ڕەنگاڵە و قاتێکی کوردی و جووتێک پووتی درێژی نامۆی پۆشیبوو، هاوکات ژێست و ڕەوانبێژییەکی ڕۆشنبیرانەی هەبوو. لەلایەک ئادابی کۆمەڵایەتیی هەبوو، و لەولاشەوە گەر شتێکی بەدڵ نەبووایە جرتێکی بچوکی فەڕەنسیی دەکێشا. لە یەکەم بینیندا، لە چایخانەیەک کەوتینە باسی هایدگەر. من کەمێک لە شەرحەکانی هایدگەرم خوێندبووەوە، بە تێکەڵەیەک لە ترس و باوەڕبەخۆبوونیشەوە

کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ بەکر. هەندێک ڕۆیشتین و بەکر وەستا و سووکە دەستێکی کێشایە سەر ئەژنۆمدا و وتی «بخوێنەوە بخوێنەوە زۆرت ماوە...». ڕاستی کەمێک داڕووخام. لەبەر خۆمەوە دەمگوت یانی هیچم بە هیچ نەکردووە. بەڵام ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو، پاش چەند مانگێک تێگەیشتم ئەمە تاکتیکی بەکرە بۆ سەپاندنی هەژموون. لە هەرکوێدا بگاتە بنبەست، پەنای بۆ دەبات. کاتی گەڕانەوەی، تا چەند مانگێکیش ئەفسوونێکی تایبەتی لای گەنجەکان هەبوو، کە نەدەڕەوییەوە. ئەودەم بەکر زگورد بوو، شەو و ڕۆژەکان پێکەوە بووین. هێشتا هیچ دەوامێکی نەبوو. سەفەری کتوپڕمان دەکرد، بە هەموولادا دەردەچووین، بۆ سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە و هتد. سەیارەکەی بەردەوام کۆمەڵێک کتێبی تیا بوو. نوسخەیەکی زەردەشتەکەی نیچەشی تیا بوو کە زۆرجار بەدەم ڕێوە من ڕستەیەک یان پەرەگرافێکم هەڵدەبژارد و بۆم دەخوێندەوە. زۆرجار شەوان لە کتێبخانەکەی ئەو دەماینەوە لە ڕزگاری(سمود)، لەوماڵەدا دایکێکی پیر و برایەکی بەخشراوی بەکر دەژیا. وردەوردە کتێبخانەکەی گەورە دەبوو، دواییش کە دەستیکردە دەوام، بەشێک لە پارەی مانگانەی دەدایە کتێب. چەندینجار کتێبی دووبارە و سێ بارەشی دەکڕی کە خۆی هەستی پێنەدەکرد و دەیوت «دووبارەکان هی تۆن». جارێکیش لە بەڵێنێکی ڕاگوزەرەوە بە لادەمەوە وتی، «ئەم کتێبخانە بۆ تۆ دەمێنێتەوە».

هەر مرۆڤێک، ڕەنگە بە دیاردەیەکدا بناسرێتەوە. بەکر و چا وابوون. بەکر چاخۆرێکی نمونەیی بوو. ئەمەش وایکردبوو، کەس نەوێرێت پارەی چاکانی بدات.

یەکێک بوو لەوانەش کە نەریتی گفتوگۆی ناو چایخانەی گەڕاندبووەوە. لە هەر کوێ بووایە، چاش لەوێ بوو. لەگەڵ چادا، دووکەڵێکی چڕیش وەک سرووت ئەو ناوەی دەتەنی. هەڵبەت ئەم ساڵانەی دوایی، قاوە تاڕەدەیەک جێی چای بۆ ئەو گرتبووەوە. لەسەرەتاوە متمانەیەکی زۆر لای بەکرەوە بۆ من درووست بوو، چونکە هەم زوو لە سرووشتەکەی تێگەیشتم و نەدەچوومەوە ململانێی لاوەکییەوە لەسەر هەندێک مامەڵە. هەم ڕێزی بیرکردنەوەشیم دەگرت. هاوکات وەک مەعریفە، تەقریبەن قەت کۆک نەبووین. ئەمەش کارینەکردبووە سەر هاوڕێیەتییمان. بەپێچەوانەوە، گەرەنتییەکی پێشوەخت بوو بۆ ئەوەی شتەکان ڕوون و ئاسان بڕۆن. تەنیا شتێک متمانەی پێ نەدەکردم، پەیوەندیی بە کتێبخانەکەیەوە هەبوو. دەیزانی هەر دەرفەتێک هەڵکەوێت، دەشێت ئەو کتێبانە ببەم و بیشارمەوە کە نایخوێنێتەوە یان بە کەڵکی ئەو نەدەهات. هاوڕێیەتیی ئێمە، جۆرە پەیمانێکی نەنوسراو بوو کە سرووشتی دەڕۆیشت، بۆنمونە هەرگیز لە ژیانیدا نەچوومە کۆڕێکیەوە بەڵام هەر هاوڕێش بووین، لە سۆشیاڵ میدیا سڕابوومەوە لای، بەڵام هەر هاوڕێ بووین. جاریش هەبووە بە چەندین مانگ ئاگامان لە یەک نەبووە، بەڵام دەمانزانی هاوڕێین و شوێنی یەکتر دەپارێزین. لە غیابیشدا، لێی ئەمین بوویت، بەگشتی دەموزاری لەئاست خەڵکدا بەئەمانەت بوو.

ئەو دوو سێ ساڵەی سەرەتا زۆر شتم لەسەر بەکر بۆ ڕوونبووەوە: بەکر کتێبی باشی دەناسی، کتێبی باشی دەکڕی و کتێبی باشیشی دەخوێندەوە. بەر لەوەی

فەیسبووک بەم شێوەیەی ئێستا پەرەبسێنێت، بینی درێژتر بوو لە خوێندنەوەدا. بەیانیانێک لە ماڵی برادەرێک بووین، بەکر پاش قاوەڵتی، هەڵنەسا تا کتێبێکی فیکریی تەواوکرد(گەر هەڵەنەبم کتێبێک بوو لەسەر پییەر بۆردیۆ). دیاردەیەک لەم ڕووەوە لە بەکردا سەرنجراکێش بوو، ڕاکێشانی کتێب بوو. هەرچۆن بۆی برەخسایە، پی‌دی‌ئێفی دەکردە کتێبی کاغەز و بەرگی تێ دەگرتن. ڕەنگە سەدان هەزار لاپەڕەی بەو شێوەیە ڕاکێشابێت. دیار بوو فریاناکەوێت هەمووی بخوێنێتەوە، بەڵکو چێژی لە ڕاکێشانەکە خۆی وەردەگرت. ئەو کاتەشی کۆچیکرد، چەندین بەرگ کتێبی ڕاکێشراوی لە بازاڕ مابووەوە. دەکرا ئەمە ناوبنرایە «شەهوەتی ڕاکێشان». دەتگوت کارمەندێکی غەیبییە و ڕاسپێردراوە هەرچی کتێبی باشە لە ئەنتەرنێت ڕزگاریبکات. وەکبڵێی دڵی خەبەریداوە ئەنتەرنێت نامێنێت و دەبێت هەموو پی‌دی‌ئێفەکان بخاتە سەر کاغەز. یەکێک نەیناسیایە، ئەو ترسەی لێ دەنیشت کتێبی ئەلیکترۆنی بەزوویی کۆتاییدێت. هاوکات بەدەگمەن کتێبی کوردیی دەخوێندەوە، یان هەر نەیدەخوێندەوە(دیارە ئەمە عادەتێکی باش نەبوو). قۆناغی دووەمی هاوڕێیەتیمان، ڕۆیشتنی ئەو بوو بۆ هەولێر، نیشتەجێبوونی منیش لە سلێمانی. ئەو ساڵانە هەر لە هەولێرەوە بهاتایە، زۆرجار لە سلێمانی لای من دەمایەوە. مەجلیسی ئەو، زیندوو بوو. وەک گەنجێک دەچووە مشتومڕی فیکرییەوە لەگەڵ گەنجەکاندا. وەک هەر مرۆڤێک، لاوازیی خۆی هەبوو، بەڵام لای من زۆرگرنگ نەبوون. شتەکان زوو سارێژ دەبوون. هەروەها بەدرێژایی ئەو ساڵانە، بە گرژی و

ئاشتییەکانمانەوە، هەر هاوڕێ بووین. لەو ئەزموونەشەوە فێری ئەوە بووم کە **هاوڕێیەتی، چوارچێوەیەکی گشتییە، ڕەنگە مرۆڤ لە بەشەکاندا بەر یەکتر بکەوێت و دڵئێشان درووست ببێت، بەڵام قەت لە چوارچێوەکە ناچێتەدەر- چوارچێوەکە سنوری کۆتایی هاوڕێیەتییە.** بەر لە کۆچی، چەند مانگێک دەبوو نەمدیبوو. شەوی کۆچەکەی، لە ماڵ بووم بەتەنیا، هەواڵەکە هێند ناوەخت و «گاڵتەجاڕ» بوو بۆم، نەمتوانی بگریم. تەرمەکەی لە مزگەوت و کاتی ناشتنیشی، بەردەوام هەستێکی پووچی لا درووستدەکردم. بەکر چیدی بوونی نیە. دەبێت دەست بە ڕۆحی ئەوەوە، لەناو مرۆڤەکانی تردا بگرین. فیکری دۆڵۆز خۆی بریتی بوو لە تەشەنەسەندنی چەمکێکی دینی، بوونی هاوبەشی مەعنەوی...بوون لە هەمووماندا هاوبەشە...لە شوێنێکی تر نیە.

**پرسیار**: شیوەنی خەڵک بۆ ئەم مەرگە، چۆن تێدەگەن؟

**و.ع:** زۆرجار خەڵک لە کاتی مردنی نوسەرێکدا، هەست بە گوناهێکی شاراوە دەکەن. جۆرە عەزابێکی ویژدان دەردەبڕن کە تا ئەو ساتە خۆیشیان درکیان پێ نەکردووە و ڕەنگە قەتیش درکی نەکەن. بەتایبەت ئەمە لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا و بۆ نوسەرانێک ڕوودەدات کە زۆرجار لە تەنیایی و هەژاریدا سەردەنێنەوە. وەکبڵێی هەر نوسەرێک بەو شێوەیە نەمرێت، نوسەر نیە. نوسەر

دەکەنە ئوستورەیەک و خۆیانی لەگەڵ هاوشوناس دەکەن و چێژ لە مردنەکەی دەبینن. هەتا وێنەی «فەیلەسوف» وێنەی کەسێکی دێوانەیە، حەکیمئاسا و پەندبزوێنە، خەمین و شێتۆکەیە. هێند بەسە تۆزێک حەماست ببزوێت و وشەی «فەیلەسوف» بدەیتەپاڵ نوسەر. لەکاتێکدا نە کتێب وتارێکی ئەم «فەیلەسوف»ـە خوێنراوەتەوە و نە لە ژیانیشدا زۆر بە هەند وەرگیراوە. لە مەرگی ئەبوبەکردا، بەشێک لەم سرووتە بەکۆمەڵە دووبارەبووەوە. تەکنۆلۆژیا ئاسانتر دەتوانێت ئەم سرووتە بتەنێتەوە. بەڵام لەڕیشەدا باسەکە، هەستکردنە بە گوناهـ. دیارە بەتەنیا مەبەستمان ئەوە نیە هەرکەس لە ئاستی خۆیدا هەست بە گوناهێک، قەرزێک، پەشیمانییەک دەکات لەبەرامبەر نوسەری کۆچکردوودا. هەموو مردنێک، بۆ چەند کەسێک جۆرە هەستێکی ئاوا پەشیمانی و ویژدانیی تیایە. شتێک هەبووە، دەبوو بکرێت و مردن دەرفەتی بە کردنەکە نەداوە. بەڵام باسەکەی ئێمە لێرەدا ئاڵۆزترە. پێموایە ئێمە بەرامبەر بە فیگەری نوسەر هەست بە گوناهـ دەکەین. هەستەکەش هەر ئەوە نیە، فلان کەس باش نەژیابێت، بەڵکو قووڵتر و نادیارترە. لە پەیوەندیدا بە ئەبوبەکرەوە، کە ناوەکەی لکاوە بە فیکر و فەلسەفەوە، دەتوانین ئاماژە بە ڕیشەی ئەم گوناهە دەستەجەمعییە بدەین کە دوای مردنی هەستمان پێ کرد:

هۆکارەکە ئەوەیە ئێمە لەبنەڕەتدا فەلسەفەمان دەوێت، ناتوانین نەمانەوێت، بەڵام ستایلی ژیانی کوردەواریش ڕێنادات خۆمانی بۆ تەرخانبکەین. دین و ئەخلاق و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان ڕێگرن لەوەی فەلسەفە ببێتە بەشێک لە هۆشیاریی

کۆمەڵایەتییمان. فەلسەفاندن وەک عەیبەیەک، ناڕاستەوخۆ سەرکوتدەکرێت. لە هەمان کاتدا، بەر دونیای مۆدێرن کەوتووین و دەزانین شتێک هەیە ناوی فەلسەفەیە. جۆرێک ئاگایی سەرەتاییمان هەیە کە فەلسەفە گرنگە و شارستانییەتەکانی تر کاری گرنگیان پێ کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ناتوانین لە بنکی نەریت و ڕێساکانمان بدەین، و فەلسەفە لە خۆماندا ناونشین بکەینەوە. لەنێوان ئەم دوو جۆرە وشیارییەدا، کە یەکیان ئاگایانەیە و ئەویتریشیان تاڕادەیەک نائاگایانەیە، کەرت بووین. **دەبێت ئەو شتە بکەین کە ناتوانین بیکەین، بەڵام شین بۆ نەکردنەکەشی دەکەین.** مەرگی هەر نوسەرێک ئەم هەستە و ئەم کەرتبوونەمان بیردەخاتەوە. بۆیە ناچارین بەشێوەیەکی موعەزەب(ئازارچەشتە)، شیوەن بۆ نوسەر بکەین و تا ئاستی فەیلەسوفێکی هەڵکێشین. شیوەنەکە چەندە پەیوەندیی بە شەخسی نوسەرەوە هەیە، کەچی زیاتر پەیوەندیی بەو کەرتبوونە ویژدانییەوە هەیە کە ناتوانین فەلسەفە وەک تایپێک لە هۆشیاری قبوڵبکەین و حەزیشمان لێیەتی. حەزەکە نەگەیشتووەتە ئاستی کردەکی، ئاستی خۆتەرخانکردن، ئاستی هەڵتەکاندنی نۆرمە کۆن و تەقلیدییەکان. ڕێژەیەک فەلسەفەشمان دەوێت کە لە ڕستەی کورت و قەبەدا کورت بێتەوە، لەگەڵ گۆشەیەکی بچوکی ژیانماندا بێتەوە، کەشوهەوایەکی بەلاغیی هەبێت و زیاتر ئاڵۆزی درووستنەکات و لە ژیانە باوەکە دوورمان نەخاتەوە. لێرەوە ئەوەی نوسەر بناسێت و نەیناسێت، بەشداری ئەم تەقسە نیمچە-ئوستورەییە دەکات. هێند بەسە، پرسەکە تەواوببێت و ئازارە ویژدانییەکە

کوێربێتەوە و چاوەڕێی مەرگی کەسێکی تر بکەین. سادەترین ئەرگۆمێنتیش ئەوەیە کە هەزارانهەزار دەنگ بەشداریی ئەم شیوەنە دەکات بەڵام بەدەگمەن "خوێنەرێکی پیشەیی دەقخوێن"ـی تیایە. دەکرێت تۆ خوێندکارێکی بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان بیت و خوێنەرێکی شێلگیریش نەبیت و بەهۆی ئازارە ویژدانییە ناڕاستەوخۆکەوە بەشداریی ئەم سرووتە دەستەجەمعییە بکەیت. تەنانەت دەکرێت پێش مەرگ و دوای مەرگی نوسەریش، هیچ نوسراوێکی کابرات بۆ گرنگ نەبێت، بەڵام شیوەنگێڕێکی دڵگەرمی تەقسەکە بیت. لێرەوە گاڵتەکردن بە فەلسەفە وەک «قسەی زل و بێکەڵک»، لە کاتی مەرگی نوسەرێکدا قڵپدەبێتەوە و دەبێتە شیوەن.

سەبارەت بە ئەبوبەکریش، هەردوو جۆرە هەستی گوناهەکە پێکداچووبوو، هەم هەستی شەخسی و هەم هەستی بەکۆمەڵیش. بە قەولی خۆت، دەتگوت بەکر بەبەرنامە هەموانی تووشی هەستی گوناهـ کردووە. بەڵام وەک وتمان، هەستەکە بۆ پێش شەخسی ئەویش دەگەڕێتەوە. ئەوانەشی هەست بە گوناهی شەخسی دەکەن، بەڕوونی نازانن دەبوو چییان بۆ بەکر بکردایە. هەرچییان بکردایە، ئەم هەستە دەستەجەمعییە ساڕێژ نەدەبوو. چونکە هەستەکە پەیوەندیی بە هۆشیارییەکی ڕیشەداری مێژووییەوە هەیە کە فیکر و فەلسەفە و کتێب وەدەردەنێت. هاوکات کەسایەتیی ئەبوبەکر خۆیشی خۆراکی بەم وێنەیە دەدا. بەکر کەسایەتییەکی مەوسوعی(ئەنسکلۆپیدیایی/گشتگیر)ـی هەبوو؛ تێکەڵی هەموو کەس بوو، لە

سیاسییەوە بۆ ئەدیب و ڕۆشنبیر و خەڵکی عەشائیر. هەندێجار سنوری نێوان دۆخی کۆمەڵایەتی و پانتایی ڕۆشنبیریی هەڵدەگرت. ڕێز و پێکەنین بەڕووی خەڵکانێکدا، دەیتوانی ئەو هەستە درووستبکات کە لە مەعریفەی خۆی، بەشی خەڵکی داوە و بەخشندەیە. کۆمەڵگای ئێمە لەم ڕووەوە، لە ئاڵۆزترین کۆمەڵگاکانە. بەڵام دەکرێت لە گۆشەیەکی ترەوە، لەم دۆخەش بڕوانین و بۆ دیوە ئیجابییەکانی بگەڕێین. دەکرێت بە بردنەپێشەوەی ئەم جۆرە سرووتە، کۆمەڵگا بتوانێت ڕێز لە سەرمایە کەلورییەکانی بگرێت. هەر خوێنەوارێکی ڕژد، سەرمایەیەکی کەلتورییە. لێرەشەوە پەیوەندیی کەلتور و ئیرۆس(پاڵنەری ژیان) بەهێزتر دەبێت. هەروەها تاناتۆس(پاڵنەری مەرگ و وێرانکاری) خاوەدبێتەوە. ڕێز، سەر بە ئیرۆسە، چونکە ئیرۆس واتە یەکخستن و بنیاتنان. تاناتۆس واتە پارچەکردن و ڕووخاندن و وێرانکردن. ڕێزگرتن لە سەرمایە کەلتورییەکان، زەقکردنەوەی ئیرۆسە و هەوڵە بۆ بنیاتنانی شتێک. دە ساڵی ڕابردووی کەلتوری ئێمە، پتر بە ئاراستەی وێرانکاری و تاناتۆسدا کاریکردووە بۆیە کاتێتی ئاوڕێک لە ئیرۆس و ژیاندۆستی و بنیاتنان بکرێتەوە. ئەمەش درووشم نیە، بەڵکو ڕامانی دەوێت.

**پرسیار:** ئەی پەیوەندیی ئەبوبەکر حەسەن، ئەو کاتەی زیندوو بوو، بەم ئازاری ویژدانەوە چۆن بوو کە بەشێکە لە وشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییمان؟

و.ع: شتێکی سەرنجڕاکێشت وورووژاند. هەموومان بەشێکین لە کۆمەڵگاکە و لە دەرەوەی هەستەکانیەوە ناژین، بەڵام لێرەدا ئاماژە بۆ جۆرێک «هەستی گوناهـ» دەکەم لە بوونی ئەبوبەکردا وەک مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی تاک. وەک شهود و تێگەیشتنی خۆم، هەمیشە پێموابوو هەموو ژیانی ئەبوبەکر لە دەوری «هەستێکی گوناهـ» دەسوڕێتەوە. هەتا خوێندنەوە و مشتومڕەکانی ئەو دە ساڵەی دوایی، پەیوەندیی بەو گوناهە چەقنشینەوە هەبوو. دیارە «هەستی گوناهـ»، هەستێکی شاراوەی نەستەکییە، مەرج نیە مرۆڤ گوناهێکی ئەنجامدابێت، بەڵکو بەزۆری ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ساتێکی ڕێکەوتی منالّی. ئەم هەستە بەگشتی ڕووەو باوکە. لەوێشەوە پەیوەندییەکان بە دایک و برا و ئەوانیترەوە ئاڵۆزتر دەکات. بێئۆقرەیی ئەو، پەیوەندیی بەم هەستەوە هەبوو. ویژدانێکی شووم دایم سەرکۆنەی دەکرد. قەرزێکی دەروونی لەودا هەبوو کە خۆیشی نەیدەویست بیری بکەوێتەوە. ڕقی ئەبوبەکر لە دەروونشیکاری ئالێرەوە بوو. ئەو پتر ڕقی لە دەروونشیکاری بوو تا مارکسیزم. دەروونشیکاری لای ئەو بە مانای بیرخستنەوەی خۆی و هەستی گوناهـ دەهات. دەیوت زانستێکی شوومە و فالّمان بۆ دەگرێتەوە. ئەو نەیدەویست خۆی بیربکەوێتەوە. باوەڕدارییەکەشی هێندەی پەیوەندیی بەم هەستەوە هەبوو، پەیوەندیی بە خواناسییە باوەکەوە نەبوو. ئەو دەیزانی ئیلتیزاماتی دینیی خەڵک زۆریش عەقلانی نیە، بەڵام ئەم هەر بۆ خوایەک دەگەڕا جیاواز بێت، بیانووی جیاوازی بۆ بدۆزێتەوە، جێگرەوەیەکی ئاسودەبەخشی **باوک** بێت. هەتا

ئۆقرەنەگرتنی ئەو لە ئەورووپا و هاتنەوەی، دابڕاو نیە لەم هەستی گوناهە. نازناوی «جاف»یش بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بەم هەستەوە هەبوو. نازناوەکە، یەکێک بوو لە جێناوەکانی باوک. چونکە هەستی گوناه، پتر گرفتێکی ڕۆحی و دەروونییە لەگەڵ باوکدا کە حەلنەبووە، باوکیش هەروا بەسادەیی باوکە بایۆلۆژییەکە نیە، بەڵام لە جێیەکدا ئەویش دەبڕێت و پەیوەست دەبێتەوە بەوەوە. دواجار، ڕووکردنە فیکری دۆلۆز و نیچە و هتد، بۆ ڕزگاربوون بوو لەم هەستە کوشندەیە. دەیویست لەڕێگەی ئەو فیکرانەوە(هەڵبەت بەشێوەی نائاگایانە)، ڕووبەڕووی ئەو سوپەرئیگۆ ناوەکییە سەرزەنشتکەرە ببێتەوە کە دەینالآند بەدەستیەوە. ئەم دۆخە گەرچی لەڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە بۆ مرۆڤ سەختە، بەڵام بۆ بەکر کۆمەڵێک سود و بەرەکەتی تیۆریی هەبوو، ئەو لەو ڕێگەیەوە لەناو چەمک و پرسەکانی نیچە-دۆلۆزدا دەژیا. هەر لەو ڕێیەشەوە ڕقی لە زاراوەگەلی وەک چەپاندن، مێژووی شەخسی، گرێی ئۆدیب دەبووەوە. هەر ئەم خاڵەش، کۆی ئاسۆی ئەخلاقی بەکری دیاریدەکرد. ئەو دەیزانی ئازار یانی چی...

## پرسیار: چۆن لە پەیوەندیی نێوان بەرهەمەکانی نوسەرێک و کەسێتییەکەی تێبگەین؟ ئایا دەتوانین ئەم دووانە لێکجیابکەینەوە؟

**و.ع:** دیارە ئەم پرسیارە تیۆری "مەرگی نوسەر"مان بیردەخاتەوە، ئەوەی کە نوسەر پاش نوسینی دەقەکەی دەمرێت و خوێنەر لەدایکدەبێت. نوسەر بەشێوەیەکی

سیمبوڵی دەمرێت و دەقەکەی چیدی موڵکی ئەو نیە. ئەوەی لێرەدا هەیە مەرگێکی سیمبوڵییە نەک واقیعی. ئەو مردنەش، لە ڕوویەکەوە، دەرەنجامی مەرگێکی گەورەتر بوو لە خۆرئاوا کە مەرگی خودا بوو. واتە خودا ئەو ڕۆڵ و کارکردە کلاسیکەی نەما کە هەیبوو. ژیانی ڕۆژانەی مۆدێرنە، تووشی نیهیلیزم هات. هەموو شت کەوتە دەست مرۆڤ. مەرگی خوا، لەدایکبوونی مرۆڤی بە مانای تەواوی وشەکە لێکەوتەوە. ئەو شتەی لێ کەوتەوە کە پێیدەوترێت هیومانیزم یان مرۆڤسەنتەری. بەڵام بۆ کۆمەڵگای ئێمە، شتەکە ئاڵۆزتر دەردەکەوێت. ئاسان نیە کەسێتیی نوسەر لە کارەکەی جیابکەینەوە. چونکە نە مەرگی خودا لە مێژووەکەدا ڕوویداوە، و نە دەشتوانین درکێکی تەواومان بە هیومانیزم هەبێت. بەسادەیی، کەسێک لای ئێمە دەبێتە نوسەر، ناتوانێت خۆی لە جەبری مێژووەکە و کۆمەڵگاکە لابدات. ئەویش دەرهاویشتەی ئاڵۆزییەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە. چەندە کارەکانی لەو دابڕێت، سەرەنجام ناچاریت پەیوەندییەکەی بە کەسایەتیی ئەوەوە ڕەچاوبکەیتەوە. کەسایەتییش مەبەست لە دیوی ئەخلاقی نیە بەتەنیا، بەڵکو هەموو ئەو ڕەگەزانەشە کە وەک جەبری مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەپشت ئەوەوە ئامادەن. بۆیە مەرگی نوسەر لای ئێمە دەبێت حەرفی بێت نەک مەجازی، دەبێت دەقاودەق ڕووبدات نەک گریمانەیی. واتە پێویستە ژیانی بایۆلۆژیی نوسەرەکە کۆتایی بێت، نەک ئەوەی بەشێوەیەکی گریمانەیی پاش نوسینی دەقەکە ڕووبدات. وەکبڵێی ژیانی ئێمە هێشتا سرووشتی و ساکارە، هێشتا مان و نەمانی فیزیکی کێشەیە بۆمان، هێشتا کێشەکەمان

پتر لەگەڵ جەستەی نوسەرە نەک جەستەی دەق. بۆیە لەگەڵ مردنی نوسەردا، نوسراوەکانیشی دەمرن و بیردەچنەوە. کەمن ئەوانەی چانسی مانەوەی نوسینەکانیان هەبێت. مێژووەکە هێشتا ڕەق و ناقۆڵا مامەڵە بە جەستەوە دەکات، لەکاتێکدا پێویستدەکات هەژمار لەسەر ژیانی ڕەمزیی مرۆڤەکان بکرێت، ژیانی نەرمی وان ڕەچاوبکرێت. دیارە خۆی هەمیشە کەلێنێک لەنێوان کەسایەتیی نوسەر و دەقدا هەیە، دەق بەجیاش داوەری دەکرێت، بەڵام ئەمە ئێمە لەو لینکە بێبەشدەکات کە دەتوانین زۆر شتی پێ بخوێنینەوە. مەبەستیشمان ئەوە نیە بچین ژیانی شەخسیی نوسەرێک بەوردی بپشکنین بزانین کێ بووە، بەڵکو پتر مەبەست لەوەیە کە کەسێتییەکەی لەناو مێژووی ئەو جڤاتەدا ماناوەردەگرێت کە کاری تیا کردووە. بەتایبەت لی خۆمان کە پتر ڕۆحی زارەکیبوون زاڵە، قسەکەر باوترە تا نوسەر، بۆیە سەرەتا ناچارین سیاقە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکە بپشکنین و پاشان درووستبوونی بکەرە ڕۆشنبیرییەکە و دواییش گوتراو و نوسراوەکانی. بۆنمونە پێموایە ناگەینە شوێنێکی ئەوتۆ گەر بێین و کتێبێکی ئەبوبەکر لەسەر دۆڵۆز بەجیا وەربگرین. ئەوکات ڕەنگە وادەربکەوێت ئێمە لە کۆمەڵگایەکداین کێشەکانی هەمان کێشەی ناو فەلسەفەی دۆڵۆزن، بەڵام ئاشکرایە هیچ پەیوەندییەکی زەرووری لەنێوان فەلسەفەی دۆڵۆز و کۆمەڵگای ئێمەدا نیە(وەکچۆن بۆ زۆرینەی زۆری فیکر و فەلسەفەکانی تریش هەر وایە). دەبێت سەرەتا لە پرۆسەی درووستبوونی مرۆڤ/بکەری ڕۆشنبیری تێبگەین پاشان کارەکانی.

**پرسیار**: **ئەبوبەکر حەسەنیش بە کۆمەڵێک قۆناغی جیاواز و لێکدژی فیکریدا تێپەڕیوە، لە مەیلێکی دینی و عیرفانییەوە تاکو گیرسانەوەی لەسەر فیکری فەیلەسوفانی وەکو دۆلۆز و فۆکۆ و نیچە. ئێستاش بە کۆچکردنی پرۆژەکەی نیوەناچڵ مایەوە، و ڕوونیش نییە ڕێک چیی جێهێشتووە. پێم وایە ئەو چەند کتێبەی پار بڵاویکردنەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر نەخوێنراونەتەوە، واتە کەم کەس هەیە ویستبێتی لەوە ڕامێنێت ئەبوبەکر حەسەن چی دەڵێت. وەکبڵێی دیسانەوە لێرەشدا وەک ناوەڕۆکی نوسینەکانی تووشی پەرێشانی دەبین. بۆیە با بپرسین ئایا پێگەی ئەبوبەکر حەسەنمان لا ڕوونە؟**

**و.ع:** ئەبوبەکر کوڕێکی ئەو کۆمەڵگایە بوو بە هەموو کێشە و ئاریشە و لێکدژییەکانیەوە. جیا لەوەش، پێگەی خوێنەوار/ڕۆشنبیر لای ئێمە زۆر ڕوون نیە تا پێگەی ئەم و ئەو ڕوون بێت. ئەو تازە لەسەرەتای خۆکۆکردنەوەدا بوو کە پچڕا. دەبوو نزیکەی دە تا پانزە ساڵی تر چاوەڕێ بین بزانین کارەکانی دەگاتە کوێ. «پرۆژە» بە ساڵ و دووساڵ و سێ ساڵ ڕووننابێتەوە. ئەو تازە هەندێک هەوڵی نوسینی دابوو. لەکۆدا بە هەوڵی باشیان دەزانم. گەر کتێبەکانیشی بەتەواوی "بونیادی کتێب"یان نەبێت، ئەوا هەوڵێک بوون بەو ئاراستەیەدا. نوسینی فیکر بۆ ئێمە تازەیە. کتێبیش، زەینێکی کۆکراوە و خۆتەرخانکەر و پەیگیری دەوێت. نوسینی کتێبیش لەسەر فەیلەسوف بۆ ئێمە، ئاسان نیە. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت

وتارێک یان ئەوپەڕی نامیلکەیەک بنوسێت، بەڵام درککردن بە هەموو دیوەکانی فەلسەفەیەک ئاسان نیە. ئەوەی دەتوانین بیکەین لە باشترین حاڵەتدا جۆرێکە لە ئامادەکردن و بڕێک سەرنجی سەربار. لێکدژی لە ژیانی شەخسیی هەر خوێنەوارێکدا ئاساییە هەبێت، چونکە ئێمە لێکدژییەکی گەورەترمان بە مۆدێرنەی خۆرئاوا هەیە و ئەمەش لە ژیانی نوسەراندا کەمتازۆر ڕەنگدەداتەوە. بەڵام کەمکردنەوەی لێکدژییەکە، شتێکی مەحاڵ نیە. بۆ ئەمەش کۆشش و باجی دەوێت. دەبێت دۆخی دەرەوە، ئەو هێڵە زەینییانەت لێ نەشێوێنێت کە پێویستدەکات ساڵانێک درێژەی بدەیتێ تا بزانیت دەگەیت بە چی. پرۆژە، شوێنکەوتنی ئەو هێڵە زەینییانەیە کە لای خۆتەوە گۆشیدەکەیت و دەستی لێ بەرنادەیت. لەم ڕووەوە، گەر تەمومژێک لای ئەبوبەکر هەبێت، هێشتا ماتەوزەی ئەرێنیی تیایە. هێشتا جۆرێک پەڕینەوەشی تیایە لە زارەکیبوونەوە بۆ نوسین. تەمومژەکە، دەلالەتە لەسەر ئەوەی زمانەکە هەوڵێکی هەیە بیدات. ئێمە بە مانایەکی تایبەت، پێویستمان بە جۆرێک زمانپەشێوییە، چونکە دەکرێت وەک قۆناغێکی ڕاگوزەر بیبینین بۆ ئەوەی بپەڕینەوە بۆ زمانێکی ڕوونتر و تێرتر. زمانپەشێوی، واتە زمانەکە دەیەوێت شتێک بڵێت، ئاوسە بە بیرۆکەیەک و دەخوازێت بیخاتەڕوو. بۆیە ئەمە قۆناغێک لەپێش **هیچنەوتن**ەوەیە. هیچنەوتن، واتە زمانەکە بەر فیکر نەکەوتووە. جیا لەوەش پۆتانشیێڵی باشتر لەم تەمومژەدا هەیە، تا ئەو ڕوونبێژییە کوشندەیەی کە ڕۆژانە بەناو کۆمەڵگادا پەخشدەکرێتەوە و زمان تا ئاستی فاشیستبوون سادەدەکاتەوە.

**پرسیار**: کاتێک نوسینێکی ئەبوبەکر حەسەن دەخوێنینەوە، بەتایبەت لەو جێیانەدا کە هەوڵدەدات چەمک یان پرسێکی فەلسەفی باسبکات، ئەوا زۆرجار بەر پەرشییەکی تایبەت دەکەوین. ئەم پەرشی و ئاڵۆزییە بەدەر لە ئاڵۆزیی ئایدیاکان، ئاڵۆزییەکی سەرباریشە، واتە ئەو شتەی پێیدەوترێت ئاڵۆزکاندن. چۆن لەم ئاڵۆزکاندنە لە نوسین تێدەگەن؟ کەچی هاوکات گوتار و سیمینارەکانی ئەم دواییەی ڕەوانترن، ئایا ئەبوبەکر حەسەن پتر کەسێکی زارەکی بوو؟ گەرچی پێموایە ئەبوبەکر حەسەن ڕێک لەبەر ئاڵۆزی (و ئاڵۆزکاندن) و ناڕوونییەکەی نیشانەی بەرکەوتنێکی دیکەیە بەو کەلێنە گەورەیەی فەزای ئێرەی تەنیوە، و ئەم گرفتانەی مۆرکی دەرگیربوونێکی دیکەن. لەم ئاڵۆزییەدا شایەتحاڵی ئازاری زەینێکین. پرسیارێکی سەرەکی ئەوەیە: ئایا ئەبوبەکر حەسەن بەهۆی ستایلە ئاڵۆزەکەیەوە دەکەوێتە دەرەوەی پانتایی فیکر یان بەپێچەوانەوە ڕێک لەبەر ئەم ناڕێکییەی سەر بەم پانتاییەیە؟ واتە ئاخۆ هەر ئەم ناڕێکییەی وی گەواهییەک نییە لەسەر دۆخی ناڕێکوپێکی خۆمان؟ دەکرێت بە "زیادە"یەکیش وەسفی بکەین: ئەو شتەی لەودایە و لەویش تێدەپەڕێت.

**و.ع:** لەڕاستییدا من ئەم لێپێچینەوە وردەم بۆ هەوڵەکانی ئەبوبەکر نیە. بایەخی ئەو لەو داکۆکییەدایە کە بۆ فیکر و زمانی فیکری و مەعریفە بەگشتی هەیبوو. ئەو فەلسەفەی لای گەنجانێک خۆشەویست کردبوو، گەرچی خۆی بەتەواوی ئەو بەدیلە نەبوو. هەم بەراورد بە کۆی مێژووەکەمان و هەم بەراورد بە دۆخی ئەمڕۆش، ئەم

تایپە لە خوێنەوار بەگشتی جێیەکی پۆزەتیف پڕدەکاتەوە: بۆنمونە، دژ بە دونیای ساردی سەرمایە، ڕۆڵی دژەفیکری تەکنۆلۆژیا، هەژاریی ئەکادیمیا، مەعریفە ساختە و بەدیلەکان کە لە جیهانەوە دێنە ناو کۆمەڵگای ئێمەوە.

سەبارەت بە ستایل‌یش، بێگومان بەبێ ئەوەی تۆ لە کام کۆمەڵگا و مێژوودایت، دەتوانیت ستایلی دەربڕینی خۆتت هەبێت. ستایل، شتێکی جێگیریش نیە، دەکرێت نوسەر لە ژیانیدا زیاد لە ستایل و ئاستێک تاقیبکاتەوە. ستایل، بەو جۆرەی لەم پرسیارەدا هاتووە، پەیوەندیی بە چۆنیەتیی دەربڕینەوە هەیە. ستایل، پردێکی پەیوەندییە لەگەڵ ئەویتری خوێنەر. ئەو کەناڵەیە مەبەستەکانی ناوەوەی نوسەر دەگەیەنێتە کەسی گوێگر و خوێنەر لە دەرەوە. بۆیە هەر ستایلێک دەبێت ئەم پەیوەندییەی ناوەوە دەرەوە بە ڕێژەیەک ڕەچاوبکات. نە مۆنۆلۆگی ڕووت بێت و نە کلێشەی تەواو ڕووتی دەرەکییش. هەر نوسەرێک گەشەی زەینیی خۆی و نەشونمای ناوەکیی هەیە، بۆیە ستایلەکەش بەپێی ئەم گەشەیە درووستدەبێت. لانیکەمی هاوسەنگییەک لەنێوان ئەم گەشەیە و دونیای دەرەوەدا پێویستە. خەڵک هەمووکات ناتوانن لەو گەشە ناوەکییەی نوسەر تێبگەن، چونکە لەناو ئەودا ناژین، بۆیە دەبێت لە سازشێکی دوولایەنەدا لەیەک تێبگەن. ڕێژەیەک لە مەبەست و ئایدیاکانی نوسەر بگاتە دونیای دەرەوە، خوێنەریش لەدەرەوەڕا خۆی ماندووبکات دونیای ناوەکیی نوسەر چۆنە. دیارە بەر لەمەش ئێمە مەرجێکی سەرەکیترمان هەیە. فیکر و بیرکردنەوە خۆی خاوەنی ڕێزمانێکی گەردوونییە. کۆمەڵێک ڕێسای

گەردوونی هەن کە چەند هەزار ساڵە، لە لۆژیکەوە بۆ ڕەوانبێژی، مەرجی دەربڕین و ڕاستبێژی و ڕوونگۆیین. مەرج نیە ئەم ڕێسایانە دەقاودەق پیادەبکرێن، بەڵام دەبێت کەسی زەیندرووست لە چوارچێوە گشتییەکانی دەرنەچێت و تووشی زەینپەشێوی نەبێت. ستایل، لەم ڕووەوە دەبێت بەشێک ڕوونبێژی لەخۆیدا هەڵبگرێت کە هەر مرۆڤێکی خوێنەر بتوانێت شتێکی لێ تێبگات. بۆ ئەمەش هەم پێویستە ڕێژەیەک ئاگامان لە مێژووی بیرکردنەوە بێت، هەم زمانەکەی خۆمان، هەم دونیای خوێنەرانیش. بەڵام ستایلیش دانەبەزێت بۆ کلێشەگۆیی. ستایل دەبێت پردێک لەگەڵ دونیای دەرەوە درووستبکات، بەڵام ئەو وردەکارییانەش هەمووی نەدۆڕێنێت کە نوسەرێک مەبەستێتی.

نوسینی ئەبوبەکر بەو ڕادەیەش داخراو نیە. بۆنمونە لەو دوو بەرگەی دۆڵۆزدا، خوێنەرێکی کەمتازۆر ئاگادار، دەتوانێت بەباشی لە باسی «ئارەزوو» لای دۆڵۆز تێبگات. لەو شوێنانەشی کە ماناکان و تەعبیرەکان ناکرێنەوە، بێگومان دەکرا ستایلێکی ئاسانتری داڕشتن بگرێتەبەر. کتێب خۆی ڕووبەرێکە بەسەر تەوەری جیاجیادا دابەشدەبێت، "بەش"ـەکانی تێکڕا دەچنە خزمەتی "گشت"ـی کتێبەکەوە. ستایل، دەتوانێت پاش خوێندنەوەی کتێب، بڕێک یادەوەری لای خوێنەر جێبهێڵێت. ئەوەی کە ئەبوبەکر لەبەر ستایلی داڕشتن بخرێتەدەرەوەی کایەی نوسینەوە، درووست نیە؛ چونکە هەم هەوڵەکانی نوسینی لەسەرەتادا بوون و هەم بەشێک لە ئاخاوتنەکانیشی لە دەرەوەی نوسینەوە نەبوون. نوسین بەو مانایە

نایەت لەسەر کاغەز بنوسیت، بەڵکو کۆمەڵێک میکانیزم و مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە. دەکرێت مرۆڤ بە زارەکی بدوێت، و قسەکانیشی بچنە خانەی نوسینەوە. دەشکرێت کتێبێک پڕبکەیتەوە و هێشتا لە کەشوهەوای شەفەوی دەرنەچووبیت(ئەمە باسێکی سەربەخۆیە و ئاڵۆزیی تایبەت بە خۆی هەیە). ئەبوبەکر لە ئاخاوتندا ڕوون بوو، گرێدانی ئایدیاکان لای ئەو زۆریش پەرتەوازە نەبوون- بەتایبەت بۆ کەسێک برێک ئاگاداری ئەو باسوخواسانە بێت. ئێمە زۆرجار گفتوگۆمان لەسەر بابەتی جیاجیا، بەتایبەتی دەروونشیکاری و دۆڵۆز دەکرد. ئەو هەندێجار دەیویست دیسپلینەکانی نوسین بێنێتە ناو ئاخاوتنەوە، بەڵام هەمووکات ئەمەش سەرینەدەگرت و لە جێیەکدا بە بنبەست کۆتاییدەهات. بەهەرحاڵ، بە هەموو گرفتەکانەوە، ئێمە لەگەڵ خوێنەوارێکداین بە زەینێکی دەرگیرەوە. سەرەنجام چەندە سەرکەوتووە یان نا، ناتوانین لە واقیعی خۆمانی جیابکەینەوە. ئێمە هێشتا کێشەی شتە گشتییەکانمان هەیە، دەبێت کۆی وێنەکە ببینین، بۆیە وەستان لەسەر وردەکاری زۆرجار بە هەڵەماندا دەبات. پێگەی کەسەکان لە کۆدا گرنگترە وەک لە بەشی بچوک و دابڕاودا.

**پرسیار**: **پرۆژەیەکی دیکەی ئەبوبەکر حەسەن ڕامان بوو لە هەندێ پرس و دیاردەی کۆمەڵگای کوردی. لەم ڕووەوە خۆی واتەنی هەوڵیدەدا "ڕەچەڵەکناسانە- جینالۆجییانە" دەسپێک و گەشەی کێشەکان دیاریبکات.**

**بەتایبەت ئەو کێشانەی پەیوەستن بە "عەقڵی سیاسیی کوردی"یەوە. چ شتێک لەم پرۆژەیەی خوێندنەوەی "خەیاڵدان"ی کوردیدا جێی سەرنجتە، هەم لە ڕووە میتۆدییەکە و هەم ناوەڕۆک و بەرەنجامەکانیشی؟**

**و.ع:** وەک باسمانکرد، ئەبوبەکر لەسەرەتای هەوڵەکانی نوسینی خۆیدا بوو. لە چەند جێیەکدا باسی «جینالۆژیا» دەکات، بەڵام هێشتا لە پرۆژەیەکی تۆکمەدا نەخراوەتەگەڕ. کردنەوەی باسەکە خۆی گرنگ بووە، بەڵام کۆمەڵێک پرسیاریش دەرووژێنێت. قسەکردن لەسەر دوو شت بەشی خۆی ئاڵۆزە: مێژووی کورد، عەقڵی کورد. چۆن سرووشت و ماهیەتی ئەم دووانە دیاریدەکەین؟ چەندە لای خۆمانەوە و خۆنشینانە ئیشی تیا دەکەین، چەندەش بەپێی پێوەرەکانی فیکری خۆرئاوا ئیشیان تیا دەکەین؟ لەم ڕووەوە، میتۆدێکی وەک جینالۆژیا پێدەچێت لەڕواڵەتدا کۆمەڵێک بارگرانی لە کۆڵی ئەو کەسە بکاتەوە کە بەکاریدەهێنێت. چونکە بەپێی ئەم میتۆدە، واز لەوە دێنیت مێژوویەکی دوورودرێژ وەربگریت بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگایەک. هەر غایەت و مەبەستێکیش لە مێژوو دادەماڵیت، ئەو پچڕانانە وەردەگریت کە دەشێت لە مێژوویەکی نزیکدا ڕوویدابێت و مێژووی پێش پچڕانەکە فەرامۆش بکەیت. واز لە قووڵایی زاتیی مێژوو و بەردەوامییەکەی و بەرەوپێشچوونەکەی دێنیت. دابڕانەکان و جیاوازییەکان و دەرکەوتنەکان بە هەند وەردەگرێت. بەهەرحاڵ میتۆدەکە خۆی ئاڵۆزە، بەڵام لە ئاستی بەکارهێناندا کارئاسانییەک بۆ خاوەنەکەی دەڕەخسێنێت. ئاخۆ بۆ مێژوویەکی وەک مێژووی

کورد، دەتوانین تەنیا سەدساڵی کۆتایی وەربگرین و واز لە ڕابردوو بێنین؟ گەر وا بکەین، لەڕووی میتۆدییەوە چی بەدەستدێنین و چییش لەدەستدەدەین؟ من خۆم دوودڵم لەوەی کە بێیت و بەشێوەیەکی جینالۆژی، دژایەتیی هەموو جۆرە ماهیەت/جەوهەرێک بکەیت و پێتوابێت ئەوەی هەیە گۆڕانی ڕواڵەتەکانە. هەندێک دیارە لە مرۆی کورد و کۆمەڵگای کوردیدا دەبینم، کە هەستدەکەم نیشتنی سەدان ساڵەیە. مێژوو هەرچەند بێ‌ئامانج بجووڵێت، کەچی ئاراستەی خۆی ونناکات. ئەو مێژووەشی کە میتۆدی جینالۆژیا ڕووبەڕوویدەبێتەوە، مێژوویەکە هیگڵ تیۆریزەی کردووە و نیچە و فۆکۆ و هتد لەڕێی ئەم میتۆدەوە بەڕوویدا وەستاونەتەوە، بەڵام ئاخۆ ئێمە مێژووی لەو جۆرەمان هەبووە؟ مێژووی کورد خۆی پچڕپچڕ دیارە، ئاخۆ پێویستی بە پێکەوەنان و تێگەیشتنە یان پارچەکردنی زیاترە؟ لای ئەبوبەکر شتەکە سەرەتا بوو، پتر قسە بوو، خاڵییش نەبوو لە دژیەکیی ئاشکرا. بۆنمونە لەلایەک باسی مێژووی خێڵی دەکرد کە پاشماوەیەکی درێژخایەنی هەیە و تەعبیرە لە ماهیەتی عەقڵێک، بەم دیویشدا دەیویست بڵێت جینالۆژییانە بیردەکەمەوە. هاوکات لە جێگەی تردا دەڵێت میتۆد بۆ من «سندووقی ئامرازە» و هەر میتۆدێک بەکەڵکم هات پەنای بۆ دەبەم. بەهەرحاڵ، لەمەدا ناتوانین زۆر توندگیر بین، چونکە هەمووما‌ن کەمتازۆر هەڵگری ناکۆکیین، لە سەرنجەکانماندا سەرەتایین و هتد. وەک تەرحی میتۆدەکە، گرنگیی خۆی هەیە. بریا توێژینەوەی ورد و تیۆرییمان لەسەر مێژووی کورد بدیایە کە بەرمەبنای ئەم میتۆدە بکرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی کێشەی

میتۆد لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا خۆی زۆر ڕوون نیە. میتۆد لە زانکۆدا بەو واتا بچوکە ئامرازییە بەکاردێت کە دیوە ڕواڵەتییەکانی توێژینەوەیەک دەگرێتەوە. لە ئاستێکی تریشدا، کە درووستترە، میتۆد وەک گۆشەنیگایەک بەکاردێت بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. جارێ قسەکردن و تێگەیشتن لە میتۆد خۆی، زۆر لە بەکارهێنانەکەی گرنگترە.

وەک بەرچاوڕوونییەکی سادە، دەبێت بشڵێین بەکارهێنانی وشەی فەیلەسوف و تاڕادەیەکیش بیرمەند بۆ ڕۆشنبیریی ئێمە درووست نیە. فەلسەفە پێویستی بە مێژووی فەلسەفەیە، دەبێت لەو مێژووەدا جێت ببێتەوە و بەشداریی کێشەکانی بکەیت. بیرمەندیش، دیسان زرینگانەوەیەکی قورسی هەیە، چونکە دەبێت ڕاستەوخۆ بەسترابێت بە بەرهەمهێنانی ئایدیا(production of idea)ـەوە. ئایدیاکان ڕەسەن و ئۆرگیناڵ بن، تا دواسنوری لۆژیکی ڕاکێشرابن. ئێمە لە دونیای فیزیکدا بۆ کەسی جەنگاوەر دەڵێین، تا دوا قەترەی خوێن شەڕیدەکرد، بۆیە بیرمەندیش پێویستی بە هاوتاکەیەتی لەناو دنیای ئایدیادا: ئەو دەبێت تا دوا ئەگەری چەمکاندن و بەڵگاندن شەڕبکات. بەکارهێنانی وشەی "ڕۆشنبیر"، سەلامەتترە، ڕۆشنبیر بۆ مێژووەکانی دەرەوەی فەلسەفەی خۆرئاوا دەگونجێت و هاوکات ناچارە کەمەکێکیش ئایدیا بەرهەم بێنێت.

**پرسیار**: **لە ئێراندا کەسێکی سەیروسەمەرە هەبوو: ئەحمەد فەردید(١٩٠٩-١٩٩٤). گەرچی ئەو جگە لە چەند وتارێک هیچی تری نەنوسی، بەڵام هێشتاش لەڕێی وانەگوتار و دیدار و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە کاریگەرییەکی زۆری جێهێشت. داریوش ئاشووری کە سەردەمانێک وەک مامۆستا لەوی دەڕوانی، دواتر کۆی دیاردەی فەردیدی هەڵوەشاندەوە، ئەمەش لە وتارێکی ناسراودا بە ناونیشانی "ئوستورەی فەلسەفە لەناو ئێمەدا". بە دیدی ئەو، یەکێک لەو هۆکارانەی وای کرد فەردید، وێڕای ئەوەی خۆی پەرێشانێکی فیکری بوو، کەچی دەورێکی هێندە کارا بگێڕێت، کەلێنی ڕۆشنبیریی ئەوکاتی ئێران بوو. لە هەر لایەکەوە سەیری فەردید بکەین، ڕستێک ناکۆکی بێچارەسەر دەبینین. مرۆ دەکرێت هاوتاکانی فەردید لە جێی تریشدا بدۆزێتەوە. ئاخۆ لە فەردیدەوە چی دەربارەی بەتاڵی و بۆشاییەکەی ئێرە فێردەبین؟ ئایا دەتوانین ئەبوبەکر حەسەن بەو بەراود بکەین یان نەخێر؟**

**و.ع:** ڕەنگە لە ئوستورەسازیی فەلسەفەدا هەندێک کۆمەڵگا لێکبچن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەم لێکچوواندنە، بە شتێکی زۆر درووست نازانم؛ چونکە کۆمەڵێک جیاوازیی بنەڕەتی لەئارادایە. مێژووی ئێمە و چارەنووسی سیاسی و پێکهاتەی ڕۆشنبیرییەکەشی جیایە لە ئێران. ئەحمەد فەردید لە سەردەمی پاشایەتیی ڕەزاشادا، بە یاریدەی نوسخەیەکی هایدگەر، هەندێک قسەوباسی لەسەر "غەربزەدەگی"(پەتای خۆرئاوا) هەبوو کە دەبێت کۆمەڵگای ئێرانی و پاشان مرۆڤایەتی خۆی لێ لابدات! کە سەردەمی شۆڕشی کۆماری ئیسلامییش دێت،

هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە بەشێک لەو کەشە حەماسییەی شۆڕش. فیکر لەناو دەوڵەتدا، ڕۆڵێکی جیاوازتری هەیە وەک لە غەیری دەوڵەتدا؛ بۆنمونە لە کۆمەڵگایەکی ناجێگیری حیزبیی وەک ئێمەدا. فەردید هەرچی بووبێت، بنک و دەسپێک یان لانیکەم وێستگەیەک بووە شتێکی لەسەر بنیاتبنرێت. بەڵام لای ئێمە ڕوون نیە فیکر چۆن درێژەی پێ دەدرێت، کێ ڕۆڵی ئەو بنکە دەبینێت- ئەوە نەبێت لە ڕابردووی ئێمەدا فیکری مارکسیزم کەمتاکوت خەڵکێکی بە سیاسەتەوە سەرقاڵکردبوو. لەوە بترازێت ڕوون نیە فیکر دەتوانێت چی بکات و چۆن کاریگەری دابنێت. وەکبڵێی مێژووی ڕۆشنبیریی ئێران، بەو جۆرەی لای ئێمە لەناو بۆشاییەکدا ناژی. مەرگەکانی لای ئێمە هێشتاش لە بۆشاییدا ڕوودەدات، داهاتوو چیی لێ دەکات ئەوە پرسێکی ترە و ئێستا نایزانین.

## پرسیار: چی لەسەر ئەو باسە هەمیشەییەی «زیندووکوژی مردووپەرست» دەڵێن؟

و.ع: خۆی ئاشکرایە کەلتوری عەقلانی و تەندرووست، پتر بیر لە زیندووەکانی دەکاتەوە تا مردووەکانی. بەڵام دوو خاڵی شاراوەتر هەن کە لەم ڕاستییە تێدەپەڕن: یەکەم، ژیانی نوسەران جیایە لە ژیانی خەڵک بەگشتی. ئەوان لە ڕەهەندێکی تری واقیعدا دەژین، واقیعێکی هاوتەریب دەگوزەرێنن. دووەمیش، نامەوێت بیانووی شووم بدەمە دەست کەس، بەڵام ڕاستییەکی دێرین هەیە کە ئێمەی مرۆڤ هەندێجار تەنیا

بەمردوویی تەحەمولی یەکتر دەکەین. کیرکەگارد دەڵێت، دراوسیێ باش ئەو دراوسێیەیە کە مردووە(دیارە وەک ئەزموونی ڕۆژانە ئەبوبەکر لەوانە بوو، لە ژیانیشدا تەحەمولت دەکرد، بەڵام بە جۆرێک مەودا و ڕێزەوە). دراوسێی مردوو، واتە هەر مرۆڤێکی تر تا ئەو کاتەی زیندووە جۆرێک هەڕەشەشە بۆ سەر ژیانمان. بڕ و جۆری هەڕەشەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. ئێمە ناتوانین هەروا ئاسان داکۆکی لە مەرگی دراوسێکان(ئەوانیتر) بکەین، بەڵام هەمیشەش جیا لە ڕێزە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکە، ڕێژەیەک لە زیندووکوژیی مردووپەرستمان تیا دەمێنێت کە دوورتر لە مانای باوی دەستەواژەکە دەڕوات. سەبارەت بەو دەستەواژە باوەش، پاش ئەم دوو خاڵە، واتێدەگەم دەستەواژەی «زیندووکوژی مردووپەرست» گازندەیەکی کەلتورییە دەرهەق بە حاڵوگوزەرانی خەڵکانی خوێنەوار کە تا زیندوون ڕێزیان ناگیرێت. بەڵام چەندەش ڕێزیان بگیرێت، ئەو کەلێنە ئەبەدییە پڕنابێتەوە کە لەنێوان ئەوان و کەلتورەکەدایە- هەڵبەت ئەمە تەنیا بۆ خوێنەوارە ڕاستەقینەکان ڕاستدەردەچێت.